# من و واسیتەکارانم

## یادداشت لە بارەی دامەزراندنمەوە!

عەلی سدیق

من و واسیتەکارانم
یادداشت لە بارەی دامەزراندنمەوە!
یادداشت
عەلی سدیق
٥٠٠ دانە
بەرگ: هوشیار سەعید
نەخشەسازی : ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا
ژمارەی سپاردنی (٣٦) وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە
چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٢

# یێک

هاوینی ٢٠٠٧، کە تازە زانکۆم تەواو کردبوو، تەقدیمی دامەزارندنم کرد، کچێك، کە ماوەیەك بوو ئاشقی ببووم و هەرگیز لەرووم نەدەهات پێی برێم! هەمووجار دەیگوت: «وەزارەتی خیندنی بالاّ مهیمە، لەوێ شەنسی خیندنیش باشە،» بریارماندا تەقدیمی وەزارەتی خیندنی بالاّ بکەین لۆ تەعین بوون!

چەند رۆژێك بەر لەو برِیارە مقابەلەیەکی (ئەمنی قەومی)م لەگەڵ دۆکتەر نەژدەت ئاکرەیی کردبوو، لۆ رۆژنامەی ئاسۆ، ئەوم بە باشترین کەس زانی لۆ دامەزراندن واسیتەیەکی لەکن بکەم! زەنگێکم بۆ لێ کرد!

ـ سلاّو کاك دۆکتەر، ئێوارەتان باش!

- سلاو!

- ئەمن (حەلی سدیق)م، رۆژنامەنووسی ئاسۆ! مقابەلەکەتان بلاو بۆوە، ویستم بزانم بە درت بوو؟

- دەستخۆش، هێشتان نەمدیوە!

- چۆن کاك دۆکتەر ئەوە چوار رۆژە بلاو بوویتەوە، سبەی بە خۆم جەریدەکت لۆ بینم؟

- بیهێنە، چاوەڕێم!

بەیانی، بە خۆم و جانتا شڕەکەم کە دیاری دۆکتەرێکی زانکۆی سەلاحەددین بوو لە فرنساوە لۆی هینابووم، جارێك، ئەو وەختەی تازە بۆم هاتبوو ئەندام پەرلەمانێك بێ شەرمانە داوای کرد و روو قایمانە نەمدایێ!. بە جانتای شڕ و لەگەر ٣ دانە رۆژنامەی ئاسۆوە، چووینە خزمەتی کاك دۆکتەرەوە...

- بەیانی باش کاك دۆکتەر!

— ئەهلەن (بە گەرمییەوە بۆ لای دەرگا) ئەهلەن بە خێر بێی کاك عەلی!

رۆژنامەکانم خستە دەستی و دوای چاخواردنەوەیەك!

- کاك دۆکتەر تەکلیفێکم هەیە ئەگەر بکرێ؟

- حەتمەن دەکرێ، تکا دەکەم، فەرموون لە خزمەتت دام!

- ئەمساڵ تەخەروجمان کردیە، لەگەر کیژەکی برادەرم حەزمان لێیە لە کنەنگۆ، تەعین بین!

- بە سەرچاو! بەس تەعینات نییە ! عەریزەیەك بنووسە و هەرکە دامەزراندن بۆوە، بە سەرچاو!

- کەی بێین تەقدیم بکەین؟

- هەر کاتێك هاتی بە خێر بێی، بیهێنە ئێرە، بە سەرچاو! بە سەرچاو!

- مەمنوونی لوتفی جەنابتم! ئەوە لە گەورەییی خۆتە!

- سەرچاو! سەرچاو! سڵاو و رێزم بە کاك ستران بگەینە!

- حەتمەن دەیگەینم! هاتمە دەرەوە، دڵم خۆش بوو، زەنگم لۆ هاورێکەم لێدا، پێیم گوت: بەیانی بۆ دامەزراندن دەچینە وەزارەتی خیندنی باڵا.

بەیانی هات، هەردووکمان چووینەوە –کن - دۆکتەر و( سی ڤی)یەکانی خۆمان و داوای دامەزراندنمان بە جێ هێشتن، سی ڤی یەکانمان هێندە هەژار بوون درێژیی باڵا و وەزنی خۆشمان تێدا نووسیبوون، هەتا قیچەك دەورەمەند بیت!

دۆکتەریش رەقەمەکەی منی لەسەر عەریزەکە نووسی و گوتی:

«خەبەرتان دەدەمەوە، خەمتان نەبی، بوو بە مانگی ٩ی ٢٠٠٧ هەر خەبەر نەبوو، چاولەرێی وەرامی دۆکتەر بووم، ئێوارەیەکی درەنگ هاورێکەم زەنگی لێ دا:

- ئەلوو، کوی کاکە عەلی باشی؟!

- خۆش بیت یاخوا، ئەتو کوی؟!

- دەنگوباسی وەزارەت چی بوو؟ ئەگەر ناکرێ ئەمن تەقدیمی مامۆستایی دەکەم!

- خەبەرت دەدەمەوە، هەڵبەت دەبێت بەر لە وەرام تیلیفۆن لۆ دۆکتەر بکەم!

زەنگێکم بۆ دۆکتەر نەژدەت ئاکرەیی لێدا، دڵم زۆر نائارام

بوو!

- سڵاو کاك دۆکتەر گیان!

- ئەهلەن!

- کاك دۆکتەر (حەلی سدیق)م، ڕۆژنامەی ئاسۆ، بۆ مەسەلەی دامەزراندنەکەمان تێلیفۆنم کردیە، ئایا دەکرێت؟

- سەرچاو کاك عەلی، هێشتان دامەزراندن نییە، هەر کە بوو بە سەرچاو!

- سپاسی هاوکاریت دەکەم دۆکتەر گیان، زۆر زەرووره ئەگەر بتوانن هاوکار بن، تێلیفۆنەکە داخرا!

زەنگێکم بۆ هاورێکەم لێدا و پێیم گوت:»تەقدیمی مامۆستایی بکە، دڵنیا نیم لەوەی، کە وەزارەتی خیندنی باڵا وەرمان دەگرێ، یان نا»!

ئەو بوو بە مامۆستا، مێردیشی کرد، منیش: وەك دەبینن، بە دوای واسیتەیەکەوەم لۆ دامەزراندنم!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، داشنەمەزرێی!

# دوو

چاولەڕێی ژیان وەســـتام و چ قەدەرێك نەیخستمە لیستێكی دامەزراندن! زستان هات و بارودۆخی ماددیم روو لە خراپی، هاوڕێكانیشم دەیانگوت: «لــۆ لە ســۆران و چۆمان و مێرگەســۆر نابیە مامۆستا! باشترە لەوەی ئەوها دانیشی!»
بــە ناچــاری ٢٠ی ٢ی ٢٠٠٨، لــە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، تەقدیمی مامۆستاییم كرد و قسمەتەكەم كەوتە سۆران!
چوومە كن پاكیزە تەلعەت، تا لە پرسگەكە قورتارم بوو، دەیان فێڵــم دۆزینەوە.. ژوورەكەی پاكیــزە لە دیوەخان دەچوو: پــڕ بوو لە كچ و كوڕی مامۆستای واستەچی!
ـ سڵاو مامۆستا!

ـ ئەهەلەن کاکە، فەرموو!

ـ ناوم لە سۆران هاتیتەوە، بارودۆخم تایبەتە، ئەگەر بۆم بیننەوە دەوروبەر!

ـ نابی کاکە، دەبی ٤سار لە جێیە دوورەکان بی!

ـ ئەخەر بارودۆخم زۆر تایبەتە، رۆژنامەنووسیشم، ئیستیسنا نییە؟

ـ ژنت هینایە؟

ـ نا!

ـ مندارە شەهیدی؟

ـ نا!

ـ کەواتە دەبی ٤سار لەوێ بی!

ـ ئاخر مامۆستا...

ـ گوتم نابی کاکە؛ کاتم نییە!

لە رۆژێکی باراناوی مانگی (٣) ئۆپل ڤیکتراکەم پڕکرد لە بەنزین لۆ موباشەڕە چوومە سۆران، قوڕو زێلاقی بەردەرکی پەروەردەی سۆران قۆندرەیەکی بە خاوێنی قورتار نەدەکرد، بە پێلاوی بەقوڕەوە خۆم کردە ژووری! ئەمرەکەیان لێ وەرگرتم و دوای یەك دوو ئیمزا و ئیستنساخ، گوتیان دەبێ ١٥ی ٩ی ٢٠٠٨ لە قوتابخانەی دواناوەندیی هەندرێنی کوڕان، بکەیت، ئینجا معاشت بۆ دەبەسترێ!

ـ ئەی کاکە ئەوە ئەمری وزاری نییە لۆ دامەزراندنم؟

ـ بەڵێ هەوە، بەس ساڵی داهاتوو!

ـ یەعنی کاکە وەزارەت نەیدەزانی خیندن تەواو بووە، بۆ

ئەمرەکەی ئێستا دەرکردییە؟
- کاکە ئەوە بڕیارە و تەواو!ساڵی دادێ!
شەنسی من برادەرێکی زانکۆم لەو قوتابخانەیە مامۆستا بوو، کە ناوم لێی هاتبۆوە، چوار ساری رەبەق گەرم خیندی لە زانکۆ، چوار سەعات پێکەوە قسەمان نەکرد!
رەقەم کۆڕەکەکەیم وەرگرت و زەنگێکم لۆی لێدا!
- سڵاو کاک سامان!
- عەلەیکمە سەلام، جەنابتان؟!
- حەلی سدیق قسان دەکات برام، نامناسیەوە؟!
- ئەها کاک عەلی، ببورە رەقەمەکەتم لە کن نەمابوو.
- موشکیلە نییە، ئەوە ناوم لە کنە توو هاتیتەوە، دواناوەندی هندرێنی کوڕان، مەکتەبەکی کوە؟
- بەخێربێی کاکە، وەلا زۆر باشە، ئەدی بۆ نایێی؟
- دێم برا، مانگی ٩ ی ساری دادێ موباشەرە دەکەم...
مانگی ٩ی ٢٠٠٨، تێلیفۆنم لۆ (محمد سالح)ی بەڕێوەبەری تەربییەی سۆران کرد، بۆ ئەوەی واسیتە بکەم و موباشەرەکە لە قەزای ئەو نەکەم، یانی بێمەوە دەوروبەری هەولێر!
- ئەلوو، سڵاو مامۆستا معەمەد!
- سڵاو!
- مامۆستا گیان ناوم (حەلی سدیق)ە، رۆژنامەنووسم، لە رۆژنامەی ئاسۆ.
- فەرموو کاک عەلی!
- ناوم لە سۆران دەرچووە بۆ مامۆستایی، بارودۆخی خێزانیم

تایبەتە، حەزم لێیە بێمەوە هەولێر، ئەگەر شتێکم لۆ بکەن.
ـ ناکرێ! خۆ بە حەز نییە! وەرە سۆران ئیشی رۆژنامەنووسی بکە!
ـ مەسەلە ئیشی رۆژنامەنووسی نییە، مەسەلە خێزانە و ئەرکی سەرپەرشتیی چەند منداڵێکی بچووکم لەسەر شانە، کە باوکم بە سەر مندا جێی هێشتوون، ئەگەر رەزامەندیت لەسەر هەبێ بگەڕێمەوە هەولێر، مەمنوونتانم!
ـ ناکرێ! دەبێ ٤ساڵ لێرە بیت!
ـ باشە مامۆستا معەمەد، مەمنوونم!
تێلیفۆنەکەم داخرایەوە و بڕیارمدا نەچم لۆ سۆران، تەنیا لەبەر هۆکارێك، خۆشەویستی خوشك و برا بچووکەکانم، بیرم لەوە کردەوە: ٤٠٠هەزاری مامۆستایی، کە زۆربەی بە رێ و قسم داخلی سەرف دەبێ، چی پێ دەکرێت؟ ئەمن کە بە هاوینانیش سەرمامە ئەو پارەیە هەر بەشی نەفت ناکات!
دەستم کردەوە بە ئیشی رۆژنامەنووسی، وامدەزانی رۆژنامەنووس لەم وڵاتە واتە: زێتر لە (جەنەڕاڵ) هەر لۆیە کاتێك خۆمدەناساند وەك ناوی سێیەم بەکارم دەبرد (حەلی سدیق رۆژنامەنووس) بەرام پاشان تێگەیشتم ئەوە واتاکەی نییە، بەتایبەت لە مانگی ٧ ی ساری ٢٠١٠ ئەو وەختەی بێ هۆکار نیوەڕۆیەك کە هێشتان نانی سبەینەشم نەخواردبوو! کەسێك خۆی کرد بە ژوورەکەم بە ئەمرێکەوە کە لە دەزگاکەمی هێنابوو، گوتی:»ئەو شوێنەی تۆ بەمن دراوە« خۆشەویستترین کەسیشم چەندجار گوتی: «وەرە سۆران ببە مامۆستا!» رەتم کردەوە، ئەویش چوو، ژیان هەروایە!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# سێ

کە لە مامۆستاییش بێ هیوا بووم، ملی خۆم دایەوە ڕۆژنامەوانی، بێ گوێدانە سەرما و گەرما و هاوین و زستان، بە دوای خەبەر کەوتم، پلەو ملەشم لە جەریدەکان وەرگرتن و ئێستاش هەمن، بەڵام چونکە حەیاتی ئیشی حور لەم وراتەدا زامن نییە، هیچ درم پێ خۆش نەبوون و نین، چونکە دەزانم هەر ڕۆژێك دێ بە میزاج فەسڵت دەکەن و ئاگاشت لە هیچ نییە، وەکئەوەی لەچەند دێڕێکی سەرەوە لۆتانم روون کردەوە ٢٠١٠ چی روویداو هەر ئاگاشم لێ نەبوو!

لەگەر ئیشەکەم، کەم و زۆر تاقیبی

دامەزراندنم دەکرد، دەوروبەری مانگی ٩ی ٢٠٠٩، کە هێشتا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەت بوو، بریارم دا تەقدیمی وەزارەتی رۆشنبیری بکەم، تێلیفۆنێکم لۆ هەڵگورد جوندیانی (بەرێوەبەری گشتی راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری)ی لێدا!

- سڵاو کاك هەڵگورد!
- سڵاو گیانە!
- کاك هەڵگورد! ئەمن (حەلی سدیق)م؛ رۆژنامەی ئاسۆ!
- هەلەو کاك عەلی، دەنگوباستان؟
- باشین! سپاس! کاکە بە تەمای دامەزراندنم لە بەرێوەبەرایەتی کتێبخانەکان، چیتان پێ دەکرێ؟
- بەیانی وەرە، بزانم شتێکت بۆ دەکەم!

بەیانـــی هات، بـــرا بچووکەکەم کە لە خـــۆم درێژترە، تازە قاتوپانتۆرێکی کڕیبوو، لەبەرم کرد و چووم، یەك سەعات لە پرسگە چاولەڕێ بووم؛ جەنابی بەرێوەبەر دەورەی هەبوو! هاتەوە!

شەش مراجع پێکەوە چووینە ژووری!

ــــ کاك هەلگورد ئەمن (حەلی ســـدیق)م، وەك ئەوەی لۆتانم باسکرد لە رۆژنامەی ئاسۆ، بۆ دامەزراندنەکەم هاتووم!

- فەرموو دانیشە، دەنگ و باسی ئاسۆ چییە؟
- وەڵا باشە، هەر ئەوها دەبی...
- بۆ ئیشـــێك لەســـەر (.....) ناکـــەن، ماددەییێکی باشـــی ڕۆژنامەوانییە؟
- بۆ نا! بـــەرام جارێ با دامەزراندنەکە تـــەواو بکەم، دواتر

دێمەوە لات!
تێلیفۆنێکی کرد و گوتی:
«سبەی بچۆ لای کاک سیروان، له بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان، بیرت نەچێ تەلەبێك بنووسە و (سی ڤی)شت ببە»
- سپاس کاك هەڵگورد، نامەوێ له کاتت بگرم، میوانیشت زۆرن!
ڕۆژی دواتر چوومە - کن - کاك سیروان و بە یێك ڕۆژ کارەکانی لۆ تەواوکردم و نووسراوێکی پێدامەوە و لۆ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)م برد، به سەعاتێك نووسراوێکی پووختم به ئیمزای (فەلەکەدین کاکەیی)یەوە وەرگرتەوە، گوتیشیان ئەگەر خۆت نایبەییە ئەنجوومەنی وەزیران، به بەرید دەینێرین، گوتم: قەیدیناکە بەخۆم دەیبەم!
ڕۆژی دواتر چوومە ئەنجوومەنی وەزیران و نووسراوەکەم وارید کرد و ژمارەییێکیان پێم دا، گوتیشیان دوای دوو حەفتە تێلیفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکە.
دوای دوو حەفتە:
- ئەلوو؟
- فەرموو!
- ئەنجوومەنی وەزیرانە؟
- فەرموو
- معامەلاتی دامەزراندنم لە کنتانە، چیی بەسەر هاتەوە؟
- ڕەقەم چەندە؟

ـ ٢٨١٠٥، بەرواری ١٨ی ١٠ی ٢٠٠٩

ـ ناوت حەلی سدیقە؟

ـ بەرێ بەرێ!

ـ کاکە چاوەرێ بکە، لە شوێنی خۆی مایە!

ـ باشە برام مەمنوون!

چەندین جاری دیکـــە تێلیفۆنم کردەوە، تەنیا چاولەڕێکردن مامەوە! وابزانم نووســـراوەکەم چووە زەبالەو ژمارەکەش لەو کۆمپیوتەرە برێکی راکێشاو زێتر نەڕۆیی!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# چار

ڕۆژێك بە سودفە بێکەس حەمەد قادرم بینی، بووە باسی دامەزراندن و گوتی:

- زۆر ئاسانە!

لە دڵەوە کەنیم، بەڵام پێم عەیب بوو، ئەگەرنا دەمگوت:

- پیف لەو ئاسانییە!

چەند ڕۆژ دواتر، لەگەڵ بێکەس حەمەد قادر چووینە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ڕێك لۆ ژوورەکەی حاکم شاکر:

- سڵاو حاکم گیان!

- سەرچاو بێکەس گیان، ئەوە بۆ دیار نیی؟

- ئەو برادەرە (عەلی سدیق)ە، برادەرێکی عەزیزە، دەیەوێ لێرە دابمەزرێ...

ـ چیی هەیە؟ چیی نییە؟
ـ وەڵاهی هەموو لە دەستی (نوری عەسمان)ە و کەسی دیکە لەو حکوومەتە (....) نییە، ئەمنیش هیچم پێ ناکرێ!
دانپێدانانێکی ڕاستگۆیانە بوو، خۆشم ویست، ئەوێشم جێ هێشت!
هەر ئەو ڕۆژە لەگەر بێکەس حەمەد قادر چووینە کن ئەیوب گەڵاڵی لە وەزارەتی پلان دانان...
ـ سڵاو کاکە!
ـ هەلەو بێکەس! بە خێر بێی!
ـ هەوکا دامەزراندن هەیە یان نا، ئەمن لۆ هەندێ هاتیمە؟
ـ بە گیانی بێکەسی ١٠٥ میلاکمان هەیە و دکتۆر نوری ١٥٠ی ناردییە، بەس عەریزەیەك بنووسن، هەر مەجال هەبی دایدەنێم!
لە ژوورێ دانیشتبووین وەکی (دارا) ناوێك لە وەزارەتی رۆشنبیریەوە زەنگی بۆ ئەیوب گەڵالی لێدا، بێکەس گوتی:
ـ کا بینە ئەمن وەرامی دەدمەوە، نەختێك بەو داماوە (نموونەی خۆم) کە حکومەت زۆری پێ رابواردم، رابوارد و تێلیفۆنەکەی داخستە!
لەوێش عەریزەیەکمان لە کن سکرتێرەکەی مودیرعامی دیوان بە جێ هێشت و هاتینە دەرەوە، بە بێکەسم گوت:
ــ با بچینە مەتعەمێکی شەعبی و نانەکی خۆش بخۆین، سندان لەو وەزعە بدات!

رۆژانــــە شـــوێن بێکەس حمە قـــادر دەکەوتم، لـــۆ وەزارەتی رۆشــــنبیری هەنـــگاوم دەنـــا و یـــەك – دوو کاتژمێرێك لە کافتریای وەزارەت لەگەڵ راوێژکارە خانەنشین و فەرمانبەرە بێ کارەکان چای (یوســـفی چاچی)مان دەخواردەوە. تا وای لێهات لە پرسگە مۆبایل و ناسنامەیان لێ وەرنەدەگرتم!

هەمیشــــە بە زەییـــم بە حالی ئـــەو چاچیە دەهـــات و دەگەر فڕکردنـــی هەر قومێك –چا- زێتر هەســـتم بە شـــەکەتی و ئازارەکانی دەکرد و بە بۆنەی (٣٢) ســـاڵ چاچیەتی کاکە (یوســـف) لە فەرمانگەی رۆشنبیری حکومەت! وتارێکم بە ناوی (تێکەو فڕکە) نووســـی و لە رۆژنامەی ئاسۆ بڵاوەبوو، وتارێك لێوان لێو لە حەقیقەت و پڕاو پڕ لە بەرائەتی فەرمانبەرێك کە (٣٢) ساڵی تەمەنی بەخشی بە خزمەتی رۆشنبیرانی ورات! کەوتە ســـەر پەڕەی رۆژنامەیەك و حەتمـــەن رۆژگارێك دێت ببێتە شـــایەتحالی ژیانی پڕ لە ئەمەکی دڵسۆزانی حکومەت لە ئاستی نزمدا!

بەرام هەندێ لە رۆشـــنبیرانی وراتەکەم (تێکەو فڕکە)یان بە جۆرێك تەفســـیر کرد، ئیدی کاکە (یوســـف) لە –چا- خۆشەکانی بێبەشی کردم!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبـــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# پێنج

وەخت نزیك بـــە گۆڕینی كابینە بوو، بە عارف قوربانیم گوت:

- دەڕێــن عیلاقاتـــت لەگەر دۆكتـــەر (نوری عوسمان) باشـــە! لۆ پێی نارێی ئەو دامەزراندنەم لۆ بكا؟

- باشـــە بچۆ لای دكتۆر نـــوری و بە ناوی منەوە قســـەی لەگەڵ بكە، ســـێ ناوی دیكەشت بۆ دەنێرم لەگەڵ ئەوەی خۆت بیانبە.

نامەییێكی بۆ ناردم و سێ ناوی تێدا بوو: لـــە تەنیشـــت هـــەر یەكێكیـــش، ڕەقەمـــی معامەلاتەكە نووسرابوو، لە دەفتەری تێبینیەكانم نووســـیمەوەو ناو و ڕەقەم واریـــدەی ئەنجوومەنی

وەزیرانی خۆم ئیزافە کرد!
تێلیفۆنم لۆ دۆکتەر نوری عوسمان کرد:
- سڵاو کاک دۆکتەر ؟
- سڵاو!
- کاک دۆکتەر ئەمن (حەلی سـدیق)م لە ڕۆژنامەی ئاسـۆ، عارف قوربانی ڕێز و سڵاوی هەبوو!
- سەرچاو کاکە، فەرموو!
- دەمەوێ بێمە کنتان، ئەگەر پێت ئاسایی بی؟!
- ئیشێك هەیە؟
- لۆ دامەزراندنمە!
- دامەزراندن نییە، بڕیاری ڕاگرتنی دراوە!
- دۆکتەر! لۆ عارف قوربانییە!
- دەڵێم بۆ هەر کێ بێ ڕاگیراوە!
- باشە مەمنوون! هیوادارم وا بێ؛ یەعنی لۆ هەمووان!
دامخستەوە و چەندڕۆژ دواتر، تێلم کردەوە:
ــ دۆکتەر گیـان! مەعلوماتمان هەیـە دامەزراندن لە کن جەنابتدا دەکرێ و خەلقێکی زۆریش لە وەزارەتی خیندنی باڵادا دامەزراون، ئێمەش چوار کەس نووسـراومان لە ئەنجوومەنە، ئەگەر لۆمان بکەن، مەمنوون دەبین...
- ئەتو دەڵێی تێناگەی؟ ئەو ڕۆژەش گوتم دامەزراندن وەستاوە!
- ئاخر دۆکتەر گیان! ئەوە ناوی عارف قوربانیشی تیدایە!
ــ گوتم بۆ هەموان وایە، عارف و مـارف و هەر کێیەك بێ دامەزراندن نییە، ئەوە تەعلیماتە!

ـ ئەدی دۆکتەر لە بیـــرت نییە کە بە عارفت گوتبوو، برێتە دۆکتەر بەرهەمی هەتا بتکاتەوە بەرێوەبەری گشـــتی دیوان خۆ ئەوە لەناو رۆژنامەنووســـان قسەی زۆری لەسەر کرا؟ خێرە ئێستا لە بیرت کردییە؟

ـ ئەو تەلەفۆنە داخە خوێڕی!

دامخستەوە و.. دوای ٥ خولەك: بەنەعلەت بیت شەیتان!

تێلیفۆنـــم لۆ عارف قوربانیی سەرنووســـەری ڕۆژنامەی ئاســـۆ کـــرد و تەواوی بەزمەکـــەم تێگەیاند، هەســـتم کرد ئەو هەڵســـوکەوتەی منی زۆر لە دڵدا گران بـــوو، بە نابەدڵییەوە گوتی:

«هەولێری! هەولێری!»

بەرام فایدەی چییە! تازە کار لە کار ترازابوو، ئەوەی هاتبووە سەر زمانم گوتبووم!

گوتم: تازە ناوەســـتم، شتێکم لۆ بکەن، هەر دەبێ دابمەزرێم و بـــە هەقی خۆمی دەزانم، لەوانەشـــە بـــێ ئومێدبوون و کار بۆ نەکردنم، پێوەندیی ســـەرەکی بە ڕۆژنامەی ئاسۆوە هەبێ، ئەگەرنا ئەمنیش (پارتی) بام لۆیان دەکردم!

گوتـــی: «عەریزەیەك بۆ ســـەرۆکی ئەنجوومەنـــی وەزیران بنووسە، بزانم شتێکت بۆ ناکەم!

نووســـیم و بە ئیمایل ناردم. ئێســـتاش چاولەڕێـــم وەرامی ئەو عەریزەیەم پێ بگاتەوە!

چەندڕۆژ دواتر، لە ئینتیرنێتدا قســـەم لەگەر (توانا ئەحمەد) کـــرد و ژمارەی ئـــەو نووســـراوەی ســـەردەمی فەلەکەدین

کاکەییم لۆ نارد، گوتی غەمت نەبی، خۆم موتابەعەی دەکەم! زۆر چاولەڕێی ئەویش بووم، هیچ نەبوو! چەندجار لە ئینتیرنێتەوە نامەم لۆی نارد، ئێستاش چاولەڕێی وەرامم!
لە مانگی ٧ی ٢٠١٠دا، ئەو ڕۆژەی سەرۆکی هەرێم لە (پاریس)ەوە گەڕایەوە، لەگەڵ عارف قوربانی ڕۆییشتم، لۆ ئەوەی ڕێی فرۆکەخانەی ئەربیلی نێودەولەتی نیشاندەم لۆ پێشوازی، لە ڕێگەدا جارێکی دیکە باسی دامەزراندن هاتەوە گۆڕێ، عارف قوربانی تێلیفۆنی لۆ دۆکتەر (ئامانج)ێك کرد لە ئەنجوومەنی وەزیران بوو:
- دکتۆر گیان کورێك دێتە لات، ناوی (عەلی سدیق)ە، ئیشی دامەزراندنی بۆ بکە! دوای دوو ڕۆژ چووم و نووسراوێکم لۆی برد!
تێلیفۆنم بۆی کرد و گوتی:
- هەر لە پرسگەی ئەنجوومەن داینێ، دەگاتە لام!
دوای دوو ڕۆژ تێلیفۆنم کردەوە:
- سلاو کاك دۆکتەر ؟
- سلاو!
- حەلی سدیق قسە دەکا! ویستم هەواڵێکی دامەزراندنەکە بزانم، ئاخۆ دەکرێ؟
- کاکە ئەوە ئیشی من نییە! ببوورە! بە کاك عارف بڵێ، ئەو لەو ئیشانە دەزانێ! من ناتوانم!
- بەلام دۆکتەر گیان کاك عارف ئەو کارەی بە ئێوە سپارد!
- کاکە با کاك عارف خۆی بیکات! ئەو چەندان نووسراوی

دیکەی داوەتە کاک بەرهەم و لە سەری نووسراوە باشە، با بۆ تۆش وا بکا!
شەرمم ڕێی لێ گرتم، ئەگەرنا دەمگوت: ئەدی ئیشی ئێوە؟ بە کاک عارفم گوت: دۆکتەر ئامانج دەڵێ ئەوە کاری من نییە و ئی کاک عارفە، ئیتر ئێوە دەتوانن دامەزراندنم لۆ بکەن، بەڵام ئێستا دڵنیابووم کە نایکەن، ئینجا نازانم مەسەلە چییە، خۆزگە زانیبام!

لە بەرواری ١٠ی ٨ی ٢٠١٠دا، هەموو ئەوانەی لە دامەزراوەی (خەندان)دا کار لەگەر (من) دەکەن و لە ڕێی کاک عارفەوە ناویان پێشکێش کرابوو، ناویان هاتەوە و چەند دانەییێکیان بۆ هەولێر هاتن و معامەلاتی دامەزراندنیان کرد، نیوەڕۆش کاتێك بە یەکەوە نانمان دەخوارد، زۆر دڵیان خۆشبوو!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# شەش

تا ئەو جیاوازییەم نەدیتبوو، لە نێوان کارمەندانی ئاسۆ (هەولێر- کەرکوك و سلێمانی)، لەکنم ئاسایی بوو، بەرام کە هاوکارەکانم لە دامەزراوەی خەندان لە حکوومەت تەعین بوون، لەو ڕۆژەوە زۆر پەست بووم؛ تەواو تەواو بێ تاقەت بووم.. چەندڕۆژ بەر لەو هەواڵە، تێلیفۆنم دەگەر کا عارف قوربانی کردبوو، بۆ ئەوەی لە میزانیەی هاوکاریی نەخۆش لە حکوومەت یارمەتیی برا بچووکەکەم بدەن، کە پانزدە هەزار دۆلاری پێویست بوو لۆ نەشتەرگەرییێك، بەرام کە ئەوەم بینی، لەویش بێ ئومێد بووم، ئیتر وازم لە هەموو شتێك هێنا و دڵنیابووم لەوەی هەموو قسەکان بۆ غافلاندنن.

خۆ ئەمن شعورم بەوە کردبوو کە ئەو داواکاریەش نەکەم، بەرام سکرتێری دکتەری نەشتەرگەری برا بچکۆلانەکەم گۆتی:»برا جەنابت مادام لە رۆژنامەی ئاسۆ کار دەکەیت، نزیکیت لەگەڵیان هەیەو داوا بکە لە حکومەت هاوکاریتان بکەن بۆ نەشتەرگەری، کە حکومەت زۆرێك لەو کارانەی کردووەو ئێمەش چەندان نەشتەرگەریمان کردووە پارەمان وەرنەگرتووەو تەنها وەسلمان داوە بە خاوەن نەشتەرگەریەکان و دواتر لە رێگەی حکومەتەوە پارەمان لۆ هاتووە، بۆیە ئەوە تەنها شتێك نییە بۆ تۆ، بەڵکو هاوکاریەکە لە حکومەت تەرخان کراوە لەسەردەمی کابینەکەی کاك نێچیرڤان».

لەم ساتەوەختانە کە خەریك بە چنینەوەی غەم بووم لە چاوەڕوانی تەعینات و ئەنجامی نەشتەرگەری! عارف قوربانی لەو کاتەدا تێلیفۆنی لۆ کردم و گوتی:» دێم بە یەکەوە دەچینە لای (سۆران)ی ئەنجومەنی وەزیران؛ تۆ دوو عەریزە بنووسە، هەم بۆ نەشتەرگەرییەکە، هەمیش بۆ دامەزراندن! هات بۆ هەولێر و منیش نەمدیت، شەو تێلیفۆنم لۆی کرد و گوتی دواتر تێلت لۆ دەکەمەوە، بەرام نەیکردەوە!

نامەیەکم نووسی پڕ لە نیگەرانی، ئەگەر نەدەبوا نامەکەی لۆ بنێرم، برام ناردم، هەستم کرد زۆر دلگران بوو لە رۆژانی دواتر، بەرام وەك هەمیشە بە دڵێکی گەورەوە وەریگرت!

ڕۆژێك بەسەر دامەزرانی برادەرەکانم بە سەرچوو، هەر چاولەڕێی زەنگی عارف قوربانی بووم، لەو گەرمایەی هەولێر

و بــێ ئومێدیی دامەزراندن و بێ تاقەتیی ئیشـــی ڕۆژنامەوانی، فەیسبووکم کردەوە، پەنجەرەییێکی چات بووەوە:

- خارە کوی، کو؟

- خارە هیچ باش نیمە!

- خێرە؟

- لە بەرەنگۆ، چونکە ییێك کەســتان لە هەولێر هەیە (وەك خۆتان دەرێن) هەزارجار داوام کرد، داتاننەمەزراندم، کەچی کارمەندانی خەندان ناویان هاتەوە!

- ئینجا کاکە تۆ بە کێت گوتووە؟

- عــارف قوربانی! دۆکتــەر ئامانج! توانا ئەحمەد! شــیرزاد شێخانی، تۆش!

- کاکە بە شالاو بڵێ، شالاو!

- تەلەفۆنم کردییە، داخراوە مۆبایلەکەی، وەرامیش نییە!

- بوەستە! ئێســتا ڕەقەمەکانت دەدەمێ، ( پیێنج ژمارە تێلیفۆنی ئاسیاسێڵ)

دوای ٥ خولەك:

- کاکە هەموویان داخراون!

- باشە تۆ چیت هەیە، بۆم بنێرە؟ منیش ئێستا بە ئیمەیل بۆ ئەو برادەرانەی دەنیرم، دڵنیاشبە وڵامی دەبێ!

داواکارییەکەم بۆی نارد و نامەییێکیشم نووسی:

«سڵاو لەشکر گیان! کاکە گیان ئەو نووسراوەی بۆ تۆی دەنێرم، شەشــەمین نووسراوە بۆ دامەزاندنم! لەم یەك دوو ڕۆژە

لۆ کاك عارف دوو نووســـراوم ناردووە! ئینجـــا نازانم چییان بەسەردا هاتووە!
جارێك نووســـراوێکی دیکەم داوەتە د. ئامانج، بەرام ئەویش گوتی ناتوانم بیکەم، گوتیشی بە کاك عارف بڕێ!
جارێـــك ژمارەی ئـــەو معامەلاتەی کە پێشـــتر کردبووم، بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ڕۆییشـــتووە، بە کاك توانام داوە، ئەویش گوتی خۆم بە دوایدا دەچم، کەچی هەر وەرامیشم ناداتەوە!
هەمان ژمارەم بە شیرزاد شیخانیش داوە، ئەویش هیچ!...
بـــە کورتی: دوا هیوام تۆی، ئەگـــەر تۆش نەتتوانی تەنیا یێك شـــتی برایانەم لێت دەوێ: تکا دەکەم بە ڕاستی پێم بڕێ کە ناکرێ، تووڕە نابـــم و دڵگرانیش نیم، بەرام توخوا پێم مەڕێ چاولەڕێ بە و هیچیش نەکرێ!»

یادداشـــتەکانم تا ئێرە نووسیبوون، کاتێك بۆ عارف قوربانیم نارد و لەگەڵیشـــیدا نووســـیبووم: «بە نیازم لـــە حەوتنامەی هاووڵاتیدا بڵاوی بکەمەوە!»
ـ خارە عارف کوێ؟ ئیمەیلێکم لۆ کردی، لە سەریم نووسیوە: «تایبەت! بیخوێنەوە!»
دوای ســـەعاتێك زەنگـــێ هاتە مۆبایلەکەم، تماشـــام کرد نووسراوە: (Arif qwrbany)

ـ (بە پێکەنینەوە) کورە ماڵت نەشێوێ، تۆ کەست نەهێشتووە!
ـ تەنیا ڕاستیم گێڕاوەتەوە!

- دەســـتت خۆش بێ، بە جددی زۆر جـــوان بوو، ئەی مادام ئەو ســـتۆریە جوانانە دەنووســـی، خێرە جارجار بۆ ئاســـۆ شتی وا ناکەی؟

- بۆ ئاسۆش زۆرم کردییە، بەس کەم پێی زانراوە!

- باشـــە عەلی گیان! قســـەم لەگەڵ ســـۆران کردووە، ئەوە ژمارەکەییێتـــی، بچـــۆ لای و عەریزەکـــەی بـــدەرێ، ئەوەش نووسینەکەت بۆ ئەو فۆروێرد دەکەم!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبـــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# حەفت

تێلیفۆنەکە داخرایەوە و زەنگم بۆ ژمارەکەی (سۆران) لێدا!

ـ سڵاو کاک سۆران! (حەلی سدیق)م، وابزانم کاک عارف قسەی لەگەڵتدا کردووە!

ـ (دەنگێك بە هێواشـــی) دەکرێ دوای نیو سەعاتی دیکە قسە بکەین؟

ـ بۆ نا، بە سەرچاو!

دوای ییێك سەعات تێلیفۆنم کردەوە، بۆ ئەوەی تەواو مەجال وەرگرێ:

ـ سڵاو کاک سۆران!

ـ سڵاو کاک عەلی، عەریزەت هەبوو؟

ـ بەڵێ، چۆن بتوانم بگەینمە دەستتان؟ بیێم لۆ

ئەنجوومەنی وەزیران؟

ـــ ئەمڕۆ نا، بەڵام تـــۆ ئەگەر هەر لە هەولێـــر دەبیت، بەیانی سەعات ١١ بۆم بنێرە!

ـ من خۆم هەولێریم! هەر لێرەم! نیازیشـــم نییە ئەو شـــارە جێ بێلم! بەیانی خۆم دێنم!

ـ باشە گیان، بە خێر بێی!

ســـەعات یانزدە و نیوی شەو، شـــووتی و ترێم بە دەم کێشانی نێرگەلەوە دەخواردن، ئینتیرنێتیشم کردبووەوە، لە تەنیشتمەوە زەنگی مۆبایلەکە لێی دا!

وەرامـــم دایەوە! دەقەیەکی تـــەواو پێکەنی و منیش بێ ئەوەی وشەییێکم بیستبێ، لەگەڵیدا دەستم بە پێکەنین کرد، ئینجا گوتی: بە ڕاستی یادداشتەکەت زۆر لە نووسینەکانی عەزیز نەسین دەچێت! ئافەرین! بەڵام من ناوێرم هیچ بڵێم، چونکە تۆ هەمووی تۆمار دەکەی! (بە پێکەنینەوە) مۆبایلەکەت دەنگ تەسجیل ناکا؟

ـ بۆنا، هێندە ڕەشـــبینم متمانەی خۆشم لەدەستداوە، نازانم چیم بەسەرهاتووە، ئەوەی دەبینم سیقەم کزبووە بە ئینسانەکان لەو ژیانە، ڕەنگە هۆکار خۆم بم، لۆیە بمبورە! سپایکۆلم لەسەر مۆبایلەکە هەیەو خۆی هەموو شـــتێك تۆمار دەکات، ئەگەر لەبازاربم و دایکم برێ دوو کیلۆ تەماتە بکڕە، تۆمار کراوە، پشت ئەستورم لەوەی کاتێك چوومەوە برێت گوتم سێ کیلۆ!

ـ هاهاها!

ـ بەهەرحال، چۆنی کاك سۆران؟

ـ سوپاس کاك عەلی! زۆر بەو یادداشتە پێکەنیوم؛ پڕە لە ڕاستی، بەڵام دڵنیابە ئەو برادەرە جیاوازی ناکا لە نێوان هەولێر و سلێمانی دا!

ـــ دەزانم! نارێم ئەو جیاوازی دەکا، پێشم وایە نەمگووتووە هۆکار ئەوە! ئەوەی من نووسیومە گلەییە لە ژیانی خۆم، نە کەسی دیکە! خۆ ئەوم زێتر لەهەر سیاسیەك و بەرپرسێکی ئەم وڵاتە خۆشتر دەوێ! بەرام ئەوەش ڕێگر نییە لەوەی نەتوانم رەخنەی لێ بگرم!

ـ دەستت خۆش بێ، بەڵام باش بوو ناوی منی تێدا نەبوو!

ـ غەمت نەبێ، ئەوە ناوی تۆش دەکەوتە ناویەوە، ئینجا هەر خوا بکا لەسەر دەستی تۆ کۆتاییی پێ بێ!

ـ بەو هیوایەم ئەوەی لە دەستم بێ، بۆت بکەم، بەڵێنت پێ دەدەم زۆر هەوڵت بۆ بدەم، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی کە دامەزراندن جارێ وەستاوە، ئەو برادەرەش کە بڕیاریدا، ئیتر تەواو، بەڵام بریارێك هەیە لە ڕێی وەزارەتەکانەوە لەسەر ئەساسی کەفائە دامەزراندن ببێتەوە، دڵنیابە کەمتەرخەمی ناکەم!

ـ حەتمەن منیش گلەیی ناکەم، ئەگەر دلنیابم لەوەی بۆ هەمووان وەك یەکە، ئەوەش دەزانم بڕیاردانی ئەو برادەرە باشترە لەهەندێکان، پێشم خۆشە کە وایە، هەڵبەت مەرکەزیەت لە قراردان، بە قازانجی چینی خوارەوەیە، بەرام کاتێك کە دەستەڵات نەدات بەخوارەوە بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆیان بکەونە ناو گۆڕینی قەرارەکان، وەك پێشتر بینیمان ئەوەی دەیگوت بە پێی تەعلیم دامەزراندن وەستاوە، خۆی لەهەر کەسێك زێتر

پێشێلی ئەو تەعلیماتانەی دەکرد!
- دڵنیابە ئەوەی لەدەســـت من بێـــت، و بتوانم هەوڵی بۆ بدەم، کەمتەرخەمی ناکەم!
- مەمنوونتم، گەورەیی خۆتە و ئەو هاوغەمییە هەموو شتێکە! تازە ئەگەر نەشکرێ، لە کنم ئاساییە!
- باشـــە برا! تۆ عەریزەکانت بۆئیمایلەکـــەم بنێرە، چونکە سبەی زۆر سەرقاڵم! ئینشالا لە دەرفەتی دیکەدا بە خزمەتیشت شاد دەبم!
- من لە خزمەتت دام، ئیمایلەکەتم بۆ بنیرە، هەر ئێســـتا بۆت دەنێرم!

یێـــک دەقەی نەخایاند، کە ئیمایلەکەم بۆ هات، عەریزەکانم هەمیشە لەسەر دیسکتۆپەکەی کۆمپیوتەر حازر بوون، تا بەو ئینتەرنێتە خاوە ئەوان ئەتەچ بوون، نامەیێکم نووسی:
«سڵاو کاك سۆران! هیوادارم باش و سڵامەت بیت!

برای بەڕێز! من ســـادەم، وەکئەوەی لە یادداشتەکەمدا دیارە، بۆییێکـــران و نەکرانی دامەزراندنەکەم لە کن ئاســـاییە، ئەوەی من دەیکەم هەولێکـــی جددییە بۆ بوون بە فەرمانبەر، ئـــەوەش مافێکی رەوایە، تا ئـــەو توانایەی هەمە و سپاســـی هەموو ئەو برادەرانەش دەکـــەم، کە هاوکارییان کردووم، رەنگە نەتوانم پاداشـــتیان بدەمەوە، مەگـــەر ئەو رۆژەی ئەو نووســـینانە دەکەونە ســـەر قاغەز، رەنگە زمانێکی جوانتر

لەوێ دەرکەوێت بۆ سـپاس کردنیان، سـپاس بۆ تۆ، کە بە دڵفراوانییـەوە بە تەنگ داواکەم دێیـت و خۆت بە غەمخۆر دەزانی، ئەوە بەسـە بۆ من، ئیتر کران و نەکرانی دامەزراندن بە لامەوە ئاساییە!

دووبارە بە پێویستی دەزانم سپاسی تۆ بکەم، رێز و خۆشەویستیم بۆتان!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# هەشت

منداڵ بووم ئـــەو کاتەی باوکی رەحمەتیم پێمی گوت:»فکر لەوە نەکەیەوە ببیە معاشـــخۆری میری، بخینە، زۆریش هەولدە پڕ زانست و زانیاری بیت، ئەوەی لەســـەر من بێت و پێم بکرێ درێخی ناکـــەم لۆت، بەرام بیر کردنەوەت لەوەی رۆژێك لە رۆژان چاوت لە دەستی حکومەت بێت، هەڵەیە! تا ئەو رادەیەی جۆرێکە لە نانی چاوشـــۆڕی و لە ئێمە ناوەشـــێتەوە!» ئەو کە پیـــاوی دوێنێ بوو، (مەبەســـتم ئەو پیاوانەی ئەمڕۆیان دروست کرد) بەرائەتتر تەمەنی قوربانی کوردبوون و نیشـــتمان پەروەری بەڕێکرد، مەگەر موچەی عەســـکری، کـــە ماوەیـــەك ناچاربـــوو بیـــکات! ئەگەرنا

رۆژێك لـــە رۆژان دیناریێكی حكومەت و یەكێتی و پارتی لە گیرفانی نەدیت، هەستم دەكرد لەو روانگەوە بیر دەكاتەوەو ئامۆژگاریـــەكان بە ئێمە دەدات:» رەنگە مەســـەلەكەش لەوە قوڵتر بێت، كێ دەزانی معاشـــخۆری میری و چاوشـــۆڕی، مەبەســـتی لە حزبی بەعس و رژێمە هاوتاكانی نەبووە؟! ئەمن ناتوانم درك بەو لێكدانەوەیە بكەم!

كوردپـــەروەری، بێ ئەوەی قەرزباری كـــەس بێت، خۆ نەتەوە دۆســـتی و نیشـــتمان پەروەریش منەتی تێدا نییە! هەوڵ دان و خزمەت كردن و سەربەرزانەش مردن بێ ئەوەی تەنازول بكەی» دۆســـتەكانی (ئەیلـــول) و هاوســـەنگەرەكانی (یەكێتی) شـــی ئەوەندە بێ نمـــەك بوون جگە لـــەوەی رۆژێك بیریان لە هەواڵ پرســـینی خۆی لە ژیانی پڕ ئازاری بەهۆی نەخۆشیەوە و یادگاریەكانی رۆژانی پێشمەرگایەتی نەكردەوە، تەنانەت بە ساردیەوە دەهاتنە پرسەكەی.

كە هەنگاوم دەنا لۆ دامەزراندن، گەلێك جار بیرم لەو وشانە دەكردەوە، شـــەرمم دەكرد خۆم بە كەسێكی لاواز ببینم و چاوم لەدەستی حكومەتێك بێت كە خەمخۆری میللەتەكەی نییەو ناتوانێ دادپەروەرانە سەیری خەلكەكەی بكات، بەڵام هەمیشـــە رقێك لە دڵم چەكەرەی دەكرد و بیرمی بەلای ئەوە دەگوزەراند»بۆ دەبێ كۆل بدەم و دەســـتەوئەژنۆ دانیشـــم، لە كاتێكـــدا هیچ كارێك لەم وراتە گرەنتی نییەو سیاســـەت بێ مانایە وەك هەمیشـــە بێ مانابووە، زۆربەی ئیمتیازاتەكانی خیندن و كاریش بەستراونەتەوە بە دامەزراندن».

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبـــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# نۆ

شازدە رۆژی تەواو! بەسەر ناردنی عەریزە رۆیشت، نامەییێکی ئینتەرنێتم لۆ (سۆران عەزیز) نارد، نووسیبووم:

«کاکە سۆران سلاو، هیوام باش و سەلامەتیتانە! کاکە گیان، ئێستا کە ئەو نامە دەنیرم، ١٦ رۆژ و ١٦ شەو و ١٦ سەعات و ١٦ دەقە بەسەر نامەکەی پێشوترم رۆشتووە، لەوێندەر داوای دامەزراندنم لەبۆت نارد، بەو هیوایە ئەم هەموو شازدەیە خێری تێدا بیت.

برای ئازیزم، راستی حەزم کرد هەوالێکی دامەزراندنەکەم و ئەو هاوکاریە بزانم، دەبێ بە چ گەیشتبێتەوە؟

هیوادارم بتوانن شتێکمان لۆ بکەن»

چاولەرێ، وەرام نەبوو!
رۆژێك دوای نامەكە نەمتوانی دان بەخۆمدا بگرم و تێلیفۆنم كرد!

- بەر لەوەی بڵێت: ئەلوو! سلاو كاك سۆران!
- سلاو كاك عەلی، ببورە كە سەرقاڵ بووم، نەمتوانی وەرامی نامەكە بدەمەوە!
- ئاسایییە، پێویستە من داوای لێبوردن بكەم، حەزم كرد هەواڵێكی دامەزراندنەكە بزانم؟!
- كاكە گیان رەنگە هەفتەی داهاتوو بكرێت، خەمت نەبێ، كارەكان بەرەو پێش رۆشتوون، بەڵام تەنها دامەزراندنەكە. هاوكاریەكە زەحمەتە، هەوڵم بۆ ئەویش داوە، بەڵام راستی باوەڕ ناكەم بكرێت!
— قەیدی ناكە برام، هەر یەكەك بكرێت، باشترە لە هیچ! سپاست دەكەم برا گیان، منەتبارتم!

تلیفۆنەكەم داخستنەوە، هێندە دل خۆش بووم، هەستی خۆم پێ كۆنترۆل نەدەكرا، وامدەزانی بوومەتە (سەرۆكی حكومەت) هەتا تاقەتم بەبەردا هەبوون! دەستەكانم لێكداو بۆكسێكم بە مێزی بەردەمم كێشا، ئێش بەدەستم گەیشت، هەستم بەوەش دانەمركایەوە..!
بیرم لەوە دەكردەوە، ئەگەرچی دواكەوتم لە دامەزراندن كە مافێكە و تەنانەت زۆریش سەرەتایی بۆ هەر كەسێك كە توانایەكی تێدابێت، بەڵام كەسانێك هەن خەمخۆری

داواکانـــم و بـــە گەرمیەوە بە تەنگ ویســـتی منەوە دێن، بۆ نموونە (ســـۆران عزیز) کاتێك تێلیفۆنـــم لۆی دەکرد، هێندە سادەو ســـاکار دەهاتە –گۆ – لەگەر خودمدا ئاوێتە دەبوو و لە بەرزترین حالەتـــی هەلچوونیش خاو دەبوومەوەو کران و نەکرانی دامەزرانم و بەدەست هاتن و نەهاتنی مافێکی رەوا لـــە کنم دەبوونـــە رۆتین و ئومێدێکـــی گەورەتر لە ناخمدا چەکـــەرەی دەکرد، وەك ئەوەی پێم برێ: «دەرگاکان زۆرن بۆ ئەوەی تیشکی هیوای تێدا بدۆزیەوە».

ئێـــوارەی رۆژی ٢٠١٠/٩/٢ کاتێـــك بە شـــەقامی ســـەرەکی گەرەکی حەی عەسکەری (نەورۆز) دەرۆیشتم، ئەو شەقامەی گەلەك لە یادگاری ترش و شـــیرنم وەبیردێنتەوە و زۆرجاران دەمباتەوە بەشی یەکەمی ئەو یادداشتانە، وەکی لە ئیستعلاماتی مدیر عامی دیوانی وەزارەتی خیندنی بالاّ لە چاوەڕوانی دیداری واســـیتەیەك لۆ تەعین بوون، چاولەرێ دەبووین و شەرمیشـــمان دەکرد بێ ئومێدیمان لەبۆ یەکتری دەربڕین!

لەوێ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، دەستم بە دوگمە سەوزەکە داگرت:

ـ ئەلو کاك سۆران؟

ـ ســـلاو کاك عەلی، وەك هەمیشـــە (بـــە پێکەنینەوە) ئەم تەلەفۆنە لە ترسان نییە!

ـ قوربانتم کاك سۆران، برای خۆشەویستی منی!

ـ عەلی گیان ویستم خەبەری ئەوەت بدەمێ، کە دامەزراندنت بۆ کراوە، بەلاّم ئەوەی داوات کردبوو(وەزارەتی رۆشـــنبیری)

نەکرا، لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە دامەزرای!
- ئاخ.. هەر مامۆستایی نەبێت؟
- ئیتر ئەوان خۆیان دەزانن، ژمارەکەت ١٠١٩١ بەرواری ٢٠١٠/٩/١ بڕۆ وەزارەتی پەروەردە و معامەلات بکە، هەر گرفتێکیشت هەبوو تێلیفۆنم بۆ بکە.
— دەی برا گیان، هەرچی بێت رازیم! زۆر زۆر سپاسی تۆ دەکەم، بەو هەوڵ و کۆششەت، نازانم چۆن ئەو قەرزە بدەمەوە، هەرچۆنێك بێت، ئەوە لەبیر ناکەم، مەمنوونتم!
- سەرکەوتووبیت عەلی گیان.

تەلەفۆنەکەم داخستەوە، لە لایەك زۆر دڵ خۆش! شتێکم بۆ کراوە، لە لایەکەوە زۆر بێ تاقەت، لە دڵی خۆمەوە دەمگۆ:»ئەگەر بۆ مامۆستایی بێت منەتی تێدا نییە، من ٣ سال بەر لە هەوکا ئەوەم لەبۆ کرا، بەڵام کە تێنەگەن زروفی تایبەت چییە؟! دیسان دەبێ وازی لێ بێنم، ئەوە لێرە کردیان، بەڵام کێ لە تەربیەکان دەزانی زروفی تایبەت چییە؟! سالی ٢٠٠٧ هیچ نەما نەیکەم، کەس نەما پەنای بۆ نەبەم، نەکرا! ئاخر مامۆستایی لە گوندە دوورەکان چۆن بەمن دەکرێ؟!

برا لەخۆ بچوکترەکەم دەگەر بوو، لەوکاتەدا، لە ناو سەیارە، گوتی:
- راوەستە دەبەیەك شەربەت دەکرم»
نەوەستام و گوتم:

ـ ژەهر بۆ ئێمە باشـــە، ئێمە شایەنی خواردنەوەی شەربەت نین، ژەهرێــك بە چرکەیەك کۆتایی بە هەموو دەردەســـەریەکان بێنــێ، زۆر گرنگە، خۆ هیچ نەبیت دەکەویە ســـەر لاپەرەی رۆژنامەکان!

ئەو بێ دەنگ بوو، تا گەیشتینە بەنزینخانەیەك!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# دە

- بــرا لەخۆ بچوکترەکــەم جارێکی دیکە هاتەوە. گۆ. راوەســته بــا بەنزین لەترۆمبێل بکەیــن، راوەســتام! زەنگی تەلەفــۆن لێیدا. تەماشام کرد بێکەس حمەد قادرە!
- برا کوی باشی؟
- ئەمن نەباشم خارە بێکەس!
- خێرە؟ ئەوە لە کێندەری؟
- لە جەهەنەم!
- هاهاها .. ئەوە چت لێ بەسەر هاتیە؟ بۆ ئەوها دەرێی برا؟
- واز لــەوە بێنە، دامــەزراوم، بــەڵام وەزارەتی رۆشنبیری نییە!
- ئی پیرۆزە، پیرۆزە، وەلا گەلەکم پێ خۆشە!
- پیرۆزی چی، بە دری من نییە کاکۆ!

- گرنگ ئەوەیە دامەزرای، لەکوێیە؟
- ئیستعلاماتی جەهەنەم!
- هاهاها یەعنی حکومەتی کوردی تەعینات لە جەهەنەمیش دەکات؟
- ئەدی ئەوە نییە ئەمن لەوێ ناوم هاتیتەوە؟
- واز لە فشەو گالتە بینە، لەکوێ ناوت هاتیتەوە؟
- دەرێم جەهەنەم، بەراســـتمە، لۆ من مامۆستایی وەك جەهەنەم وایە، چونکە نە دەتوانم بیکەم و نە هێندەش دوور بکەومەوە، ئیتر چی؟ ئاخر برا گیان ئەمن بەخۆم دەزانم چیم پێ دەکرێ و چیم پێ ناکرێ، حکومەت چوزانی من ناتوانم مامۆســـتایی بکەم، دەبێ کەی تێبگات...ئاخ!
- ئەو هەموو بێزاریەی ناوێ برا، هیچ نییە چارەسەر نەبێت!
- راستدەکەی، چارەسەر هەیە! رەنگە ئەوانیش هەڵەیان نەکرد بێت، ئەمن رۆژنامەنوســـم، رۆژنامەنووس! دەزانی رۆژنامەنووس چییە؟! ئاخر وەزارەتی رۆشـــنبیری و ناو کتێبخانەی گشتی و خیندنەوە چ سودێکی لۆ رۆژنامەنووس هەیە؟!، جەهەنەم باشە، ئەوێ پڕە لە گرفت، پڕە لە کەیسی باش لۆ مانشێتی رۆژنامە! پڕە لە بەســـەرهات و دەردەســـەری و دۆڕان و مالوێرانی، دەرێن هەیفا وەهبی و نانسی عەجرەم و ئەنجێلا جولیش لەوێ ڤێلایان کڕیوە! دەتواندرێت ســـودیان لێ ببیندرێت بۆ هەواڵی هونەری، راپۆرتی باشی لۆ رۆژنامەوانی لێ دروست دەبێ! بەڵام گرفتێك هەیـــە ئەمـــن کەیفم بەهونەر نایـــەت! ئا ئا بیـــرم کەوتەوە (هیتلەر)یـــش لەوێیە، قابیلە لەوێ نەبێ، زۆر گرنگە رووداوی

کوشـــتنەکەی خۆیمـــان بۆ باس بکا! گرنگـــە لە زمانی خۆیەوە بۆمان باس بکات کە چەند لە ژنەکەی دەترسا، ئەو ژنەی زەندەقی لە مشـــك چووبوو! ئاخر کاکە ئەوان هەلەیان نەکردووە، چونکە بەهەشـــت پڕە لە نازو نیعمەت، کەسێك نییە گلەیی هەبێت، منداری فەقیری کە بە فڕکردنی هەواو گیرفانی پڕ لە —کەســـەر- گـــەورە بووە، چۆن دەبێ بگات بـــە نازو نیعمەت؟! لە نازو نیعمەت کێ هەیە دەردی دری خۆی هەڵڕێژێ، بەهەشـــت پڕە لە جوانی و هەر بەکەلکی ستایش دێ! برا ســـتایش بە کەلکی کاری ڕۆژنامەوانی نایەت، ئێمە لەم وراتەدا کە هەموومان دەگەر باشـــەکانین، چ پێویســـت دەکا بیان نووســـینەوە، هەقە قسە لەسەر خراپەکان بکەین! من ناتوانم ستایش بنووسمەوە، نا!

- ئەرێ برا ئەوە چیت بەســـەر هاتووە، کاکە هیچ کێشەیەك نییە، تـــۆ برۆ معامەلاتت بکە، بەدوو ڕۆژ نەقلت دەکەمەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری...

- هیوادارم ئەو فشـــەیەی لە دلەوە بەو قسەیەی تۆم دێت، هەلە بێت، هەرچۆنێك بێت سپاس.

- باشە برا ڕۆژی یەك شەممە دەتبینم، جاری فایدەی نییە و برۆ و دڵت ئارام بکەوە!

ـــ خوات لەگەڵ. دوای تلیفۆنەکە.. بیف! دڵ ئارام کردنەوە، ئەو خەلقە وادەزانن دڵ ئارامکردنەوە فاسولیا خواردنە!

ڕۆژی یەك شـــەممە هات، ویســـتم برۆم لۆ وەزارەتی پەروەردە، بێکـــەس گوتی:»تۆ نابـــێ بەتەنیا بڕۆی، هیـــچ گوێت لێ

نییە لەسەر شتێکی بچوك كە ئەقرت نەگرێ، هەموو معامەلاتەکان بدڕێنی، راوەستە منیش دێم».

من و بێکەس محە قادر چووین لۆ وەزارەتی پەروەردە، لە ئیستعلامات پرسیمان ئەوانەی ناویان هاتیتەوە لۆ دامەزراندن دەچیتە کێندەر، کارمەندێك ئاماژەیەکی بۆ دەرەوە کردوو گوتی» برۆن بۆ واریدە لەو کابینەیە».

بەدوای ئاماژەکە کەوتین و چ واریدەمان نەبینی، بەلاّم گەیشتین بە»وەرگرتە» چەند ئافرەتێك دانیشتبوون!

- بەیانیتان باش!

- بەخێر بێی کاکە، فەرمووو؟

- بۆ دامەزراندن هاتووین، ناوێکمان گەڕاوەتەوە ئێرە، ژمارەکەی ١٠١٩١ بەرواری ١ ی ٩ی ٢٠١٠

- ناوت چییە؟

- حەلی سدیق رحمان!

یەکێکیان بە نابەدلیەوە لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد و دەیگۆ:

ـ ئەو ناوانەی ئەورۆ زۆر هیلاکیان کردین، کاکە ئەوەتا ناوت هاتیتەوە، بەلاّم دەبی دوای جەژن بێیەوە بۆ معامەلات، چونکە وەزیر لێرە نییە!

ـ ئەدی ئەگەر بزانن، وەزیفەکەم چییە، فەرمانبەریە، مامۆستاییە؟

- وەلا کاکە لیستەکە ١٢٨ ناوە، هەموو جۆرێکی تێدایە، بەلاّم جیانەکراوەتەوە.

کچێك لەو سەری ژوورەکەوە بەدەم ئاواکردنی لاپەڕەکانی سجلێك گوتی:

ـ مشەکەل مەدبەغە»

بێکەس حەمەد قادر، بە (پێکەنینەوە) کەوتیتە ناو مشەکەل مەدبەغیش، چیت دەوێ؟! ئەوێشمان جێ هێشت!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# یازدە

لەو وەختە هەستم دەکرد کە متمانە لە نێو ناسیاوەکانم لەدەست دەدەم، بە حوکمی ئەوەی لە رۆژنامەی (ئاسۆ) بووم و جار جارە لۆ مقابەلە وەزیرم دەبینین، زۆر کەم بوون ئەوانەی باوەڕیان دەکرد کە ناتوانم ئیشیان لۆ بکەم، هەموو جارێ دەیانگۆ:

ـ نایکەی، نا! یەعنی بتوانی وەزیر ببینی، کو ناتوانی دامانمەزرێنی؟

ـ ئەوجا وەرە ئەو خەرکەی تێبگەینە!

ئێ ناهەقیشیان نەبوو، زۆرێك لە کەسایەتیە سیاسی و رۆژنامەنووسەکانیش وایاندەزانی کە ئێمە بەیانیان لەگەر دۆکتەر (بەرهەم سالح)

کۆبوونـــەوە دەکەین هەتا بابەتی رۆژمـــان بۆ دیاری بکات، ئاخر عەشایرێکی داماوی تەنیا خاکەناس بەدەست کو باوەڕ بکات ئیشی حکومەت لەدەست حکومەتە نەك رۆژنامەنووس!
گەلەك جاران شەرمیشـــم دەکرد برێـــم، وەلا کاکە ئەمن بـــە هەموو ژیانم دوو جاران دۆکتـــەر بەرهەمم دیووە، جارێك لەســـەفرەیەکی «دوکان»، کە یـــەك جرکەش لەگەری نەدوام، جارێکیش لە لە کۆبوونەوەیەك (٤٣) جرکە مەجالی قسە کردنم پێ درا ئەویش سالی ٢٠٠٨ بوو!
خۆ باسکردنی حالی خۆشم لەسەر دامەزراندن، وەك نووکتە وابوو! بۆیە هەر نەمدەویست بچمەوە سەر ئەو مەسەلەیە!
جـــەژن هات و جەژنانە چەندیـــن داواکاری دامەزراندن و پلە گۆڕینـــی هێنایە ماریێ، بەس دانەیەکیانـــم لێ دایە دۆکتەر ئامانج، ئەویش هەر بە بیری نەهێنمەوە باشترە!
یەك شەممە دوای جەژن چوومەوە وەزارەتی پەروەردە، ناوەکەم برگەی(٥٤) بوو، لە ئەمری دامەزراندنی ١٢٨ واســـتەچی وەك خۆم (واپێدەچوو) ئەگەرنا لۆ لە لیســـتی خاسی ئەنجوومەنی وەزیران؟ بە ژمارەی (١٠١٩١) ١/٩/٢٠١٠ ـ دامەزرابووین، بە پلەو مووچەی شایســـتە بە بڕوانامەکان، چووم بۆ واریدە، ئەمرەکە ببینم، گوتیان:
ـ برۆ نووسینگەی وەزیر»
لەنووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر! گوتیان:
ـ برۆ زاتیە!
لە زاتیە، لە ـ کن ـ  کاك ئەرداش گوتیان:

- برۆ پاشکۆکانی وەزارەت!
لە تابقی سەرەوەی پاشکۆی وەزارەت لە کن مامۆستا (کەریم) جێی تەعین بوونی مامۆستایانی ئامادەیی، گوتیان:
- برۆوە وەزارەت، بەشی خۆیەتی، تابقی سێ، بێ مەسعەد!
لە خۆیەتی ناوەکەیان دیتەوە و بۆیان فۆتۆکۆپی کردم و گوتیان:
- هەڕوە پاشکۆ!
لە پاشکۆی وەزارەت مووەزەفێك بە ناوی (یوسف) گوتی:
- هیچ چارت نییە، دەبی ببیە مامۆستا!
- پەکووف! بەو بڕیارە لە ناوقەدمڕا پسا! بەرام زمانم نەوەستاو گوتم: مامۆستایی ناکەم برا، لە ٢٠٠٧ەوە نەمکردیە!
ـــ دەنا هەر ئەوەیە، بیکەی و نەیکەی لەوە زۆرتر نییە، دەبی مەمنوونیش بیت!
- خۆ لە ئەمرەکە نەگوتراوە ببیتە مامۆستا، باشە نامەوێ ئەگەر چارەسەرێك نەبیت! بەرە بەری تەواو بوونی دەوام بوو، بەخۆشم شەحنم تەواو ببوو، پشتیشم زۆر ژانی دەکرد، دەمار وەرگەڕابوو لە تۆپانێ! گەرامەوە مارێ!

ڕۆژی دواتر چوومە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی، هەتا کاك «سەرهەنگ»ی بەرپرسی لقی هەولێر قسەیەك لەگەر مامۆستا لوتفی بکات و واسیتەیەکم لۆ بکات، (بژار حەکیم) لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، گوتی:

ـ بە کاك سەرهەنگ دەلێم، بەڵام لەویٚ مامۆستا عبدالواحید محمد (بەڕێوەبەری مۆڵەتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی - وەزارەتی پەروەردە)م، دیت و دەمناسی، گوتی:

ـ بەیانی وەرەو خۆم شتێکت لۆ دەکەم.

لەبەر ئەوە نەمهێشت بە کاك سەرهەنگ بڕێت، ئێستا خەم لەوە دەخۆم کە نەمهێشت ئەویش واسیتەیەکم لۆ بکات!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واســیتە بکەی، خۆشەویستەکەشت لە دەست بدەی و دانەمەزرێی!

# دوازده

دوازده
بەیانـــی چوومە ـ کن ـ مامۆســـتا عبدالواحید، ژوورێکـــی ئێجگار بچـــووك و دەرگایەکی نەپســـاوە لـــە هاتووچۆی خەڵکـــی، پیاوێکی راست و دروست و کارکردنی بەپێی رێنماییە و گلەیـــی یەکجـــار زۆری خەلقی لەســـەرە، چونکـــی ئەولاو ئیملای نازانـــی! دەمێك لەوێ دانیشتم تا مراجعەکانی بەرێکرد.
کە سەیری کرد قەلەق و دەموچاوێکی پەشێو روخســـاری پێکەنیناوی گرتووم، تێلیفۆنێکی لۆ مامۆستا لوتفی کرد و گوێم لێبوو، گوتی:
ـ مامۆستا ناســـیاوێکم هەیە ناوی هاتۆتەوە لە لیستێك تەنها نووسراوە پلەو موچەی شایستەیان

پێ بدرێت، ئەگــەر دەتوانن بیکەن بــە فەرمانبەر، چونکە ناتوانێ ببێتە مامۆستا، بڕوانامەکەشی ڕێی لێ ناگرێ، جونکە دەرچووی کۆلیژی زمانە، بەپێی فەرمانی دامەزراندنیشـــی کە لە ئەنجوومەن دەرچووە هەر ئاساییە ببیتە فەرمانبەر!

مامۆســـتا لوتفی پێی گوتبوو، ئێوە شتێکم لۆ بنووسن وەك ـ پەراوێزـ و ئەمنیش رازیم.

لەگەر مامۆســـتا عبدالواحید چووینە کن مامۆستا (ئەحمەد گەل) بەرێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەییەکانی وەزارەتی پەروەردە، دوای یەکتر ناسین، گوتی:

ـ ئەو رۆژنامەنووســـانە هەموو گیانیـــان ریکۆردە و تەنانەت کۆخەو هەناسەش تەسجیل دەکەن!

بە پێکەنینەوە گوتم:

ـ خەمتان نەبێت، ئێوەش کەمتان پێ نەکردووین!

هەستم کرد مامۆستا عبدالواحید ویستی بە رستەیەك دەرگای گفتوگۆ لەســـەر ئەم بابەت دابخات و درێژە نەکێشـــێ، بۆ ئەوەی بێتە سەر (ئەسلی مەوزوع) گوتی:

ـ کاك عەلی یەکێکە لەو رۆژنامەنووســـە باشانەی هەمیشە کاری جوانی لێ دەوەشێتەوەو ئیشی جوان دەکات!

مامۆســـتا ئەحمەد گەل لەســـەر ئەمـــری دامەزراندنەکەمی نووسی:

«بەرێز بەرێوەبەری گشـــتی دیوان، دەکـــرێ وەك فەرمانبەر لـــە وەزارەت کار بکات، مامۆســـتای کـــوردی زۆرە بەپێی رێنماییەکان ئەگەر دەکرێت ئێمە لاریمان نییە»..

ئەمرەکەم بردەوە وەزارەت، چەنـــدی کردم و بردم، نەمتوانی بگەم بە مامۆستا لوتفی، لۆ ئەوەی قسەیەکی لەگەر بکەم، نامەیەکم لۆ نووسی و لەگەر ئەمرەکە لێکمدا...

بەرێز مامۆستا لوتفی، سلاو!

بـــرای بەرێزم فەرمانـــی دامەزراندنم لەبەردەســـتتانە، هەروەك مامۆســـتا (ئەحمەد گەل) پەراوێزی لەســـەر نووسیە، ئەگەر هاریکاریـــم بکەن لە بوون بە فەرمانبەر، سپاســـتان دەکەم، حالەتی تایبەتـــم هەیە کە ناتوانم ببم بە مامۆســـتا. لەگەل رێزم. (عەلی سدیق)

ســـکرتێرەکە، نە هێشتی نامەکە بچێتە ژوورەوە، نە خۆشم، زۆر بە لامەوە ســـەیر بوو، دوای ٦ جـــار هەولدان، نەمتوانی بە دیداری مامۆستا لوتفی شاد ببم، ئیدی وازم هێنا و دوای ئەوەی ئەمرەکەم چووە ژوورەوە، هاتەوەو ئیمزایەك لە سەرنووسینەکەی مامۆستا (ئەحمەد گەڵ) کرابوو، بۆ خۆیەتی...

چووم بۆ لای ئەرداش و نووسراوێکیان لۆ کردم بۆ

بەرێز بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

ب/ دامەزراندن

بەرێز (عەلی ســـدیق رحمان) دەرچووی کۆلیژی (زمان) بەشی (زمانی کوردی) بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ســـەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١ـ ١٩١) لە ٢٠١٠/٩/١ دامەزراوە، لەسەر میلاکی وەزارەتەکەمان لە پێویستیتان بە راژەی ناوبراو وەك (فەرمانبەر) ئاگادارمان بکەنەوە...

لەگەڵ ڕێزماندا
لوتفی صدیق محمد

یەکسەر ئەو نووسراوەم بردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، لەبەر ئەوەی سادیرەم نەکردبوو، خرایە ڕۆژی دواتر!
ڕۆژی دواتر لەگەل بێکەس حمەد قادر بردمانە بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردە، هێنـــدە قەرەبالغ بـــوو، نەدەتوانرا مەجالێك وەرگریـــن، بێکەس لـــە کەریـــم مودەریس ـــ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەروەردەی گشتی – پرسی:
ـ چی دەکرێت؟!
ئەویش گوتی:
ـ بەخوا پاکیزە خان بەس گوێ بە قسەی خۆی دەدات و هیچ شتێك سودی نییە! بۆیە من باوەرم نییە هیچم پێ بکرێت...
بێکەس پێشـــنیاری کرد، بچینە یەکێتی نووســـەران ـ لقی هەولێر، دەیگۆ:
ـــ کاکە ئـــەو هەولێریانە، بە هەولێری نەبـــی ناگیرێن، ئی پاکیزە هەولێریـــە! (عبدالرحمان فەرهادی)یش هەولێریە! ڕێز لـــە یەکتری دەنێن! پلەو پایـــەی لای پاکیزە بەهێزە، نامەیەك لـــەو وەردەگرین بۆ ئەوەی هاوکار بێـــت بۆ ئەمرەکەو ڕەتی نەکاتەوە».
ئەمنیش بە قسەم کرد!
ئێـــوارەی هەمـــان ڕۆژ چووین لۆ یەکێتی نووســـەران، لەژووی دانیشـــتنی نووســـەران (ئیســـماعیل بەرزنجـــی) بەڕێوەبەری

راگەیاندنـــی وەزارەتی پەروەردە بەســـەر قەنەفەکەوە خەوی لێکەوتبوو! بێکەس دوای پێکەنینێکی کورت، گوتی:
- بێ دەنگبە، پیاوی حکومەت ماندووە»
تەکلیفمان لە عبدالرحمان فەرهادی سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووســـەران کرد، شتێکمان بۆ بکات، بێ دوو دڵی بەرەو تابقی سەرەوە هەنگاوی ناو، دوای ١٠ دەقیقە دیار نەمانی بە نامەیەکەوە گەڕایەوە، نووسیبووی:
«بەرێز : مامۆستا پاکیزە
هەلگری نووســـراو، نووســـەرو رۆژنامەنووســـێکی گەنجە، خەریکی دامەزراندنەو پێویستی بە هاوکاری بەرێزتان هەیە، تکایە کار ئاســـانی لە دامەزراندنەکەی بکەن.. - برات - عبدالرحمان فەرهادی — «

ئەو نووسراوەم لەگەل نووسراوی مامۆستا لوتفی لێکداو دام بە دەستی (پاکیزە خان)
نووســـراوەکی بەرێز ســـەرۆکی لقی هەولێـــری لێکردەوەو کاغەزێکی لەزگەی پەمەیی هێناو نووسی:
ـــ «بەرێز بەرێوەبەری گشـــتی دیـــوان ئێمە پێویســـتمان بە مامۆستایە نەك فەرمانبەر ئەگەر وەك مامۆستا بێت سوپاستان دەکەین».

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبـــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# سێزدە

جارێکی دیکە هەمان بەزمی (٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٨)م تووش هاتەوە، چەندی کردم و گوتم:
ـ مامۆستا گیان، وەك مامۆستا دامەزراوم، ناتوانم بیکەم، ئەوان پێشنیاری فەرمانبەر دەکەن، دنیایەك دائیرەتان هەیەو بمخەنە یەکێك لەوانە، بەڵێن بێت ئیشی جددی بکەم، ناتوانم مامۆستابم، هەزاران جار گوتم ئەو پیشەیە لەگەر من یەکناگریتەوە، ناتوانم بچمە دوورە شار».
سەرێکی باداو گوتی:
ـ تەسەور ناکەی چەندە پێویستمان بە مامۆستایە، ببە مامۆستا لە (تۆبزاوە یان مەلا عومەر) کە ٢٠ دەقیقە لە شارەوە دوورن دات دەنێم، زۆرمان پێویست بە مامۆستایە..

- ئاخر مامۆستا گیان گرەنتی چی هەیە من معامەلاتی دامەزراندن بکەم نامخەنە سۆران و چۆمان؟
- تۆ بیکە، خەمت نەبێ لە تۆبزاوەت دادەنێم!
- مامۆستا گیان، بەلێنی زۆریان پێداوم و دڵم رەش بووە، ئەوەم لەسەر کاغەزێك بۆ بنووسە، بەلێن بێت لەسەر قسەی تۆ مامۆستایی بکەم بەرام لەو شوێنە نزیکانە!
- کاکە تۆ باوەڕ بە چ دەکەی، گوتم بیکەو تەواو، ئێمە مامۆستامان دەوێ و بڕایەوە!
هاتمە دەرەوە، لە پرسگە مۆبایلەکەم وەرگرتەوەو زەنگێکم بۆ بێکەس حمەد قادر لێدا!
- خارە بێکەس (عبدالرحمان فەرهادی)ش، نەیخوارد!
- وەرە وەزارەتی رۆشنبیری بزانین بە (کەنعان موفتی) شتێك ناکەین، ئەویش وەك جەنابی مدیرعام هەولێریە!
چووم و بێکەس تەکلیفی لە کەنعان موفتی کرد، موفتی گوتی:
- کاکە ئەوە تەنیا قسەی خۆی دەبیستێ، نە ئی من و نە ئی کەسی دیکەی گوێ لێ نابێت!
بیرم لەوە دەکردەوە من دامەزراندن نەکەم، دەمگۆ:
- سەگ و مزگەوت، من و دائیرەی حکومەتیان نەگوتیە!
بەرام لێم بیوو بە عوقدەی نەفسی، وەکی منداری ساوا جرناگەی لەشتەکی بگریت، ئەوهام لێهاتبوو! تەلەفۆنێکم لۆ رێداری برادەرم کرد، کوڕی (بەکرە سۆر)ی جێگری لێپرسراوی مەلبەندی سێ و گوتم:

- بە باوکت بڵێ قسەیەك لەگەڵ مامۆستا لوتفی بکات، بەڵکو ئەو بەزمەم لۆ تەواو بکات، ئەگینا ئەمن مردم!
- بەسەر چاو!
شەو تێلیفۆنی لۆ کردمەوەو گوتی:
- رۆژی شەممە مدیر عامەکان دەچنە مەلبەندو لەوێ باوکم پێی دەڵێ، زۆریش برادەری باوکمە!
هەر ئەو ئێوارەیە (٢٠١٠/٩/٢١) زەنگم بۆ (ستران عبدالله) سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ لێداو گوتم :
- کاك ستران معامەلاتی دامەزراندنم لای مامۆستا لوتفی وەستاوە، ئەگەر شتێکم لۆ بکەن!
- یەکێتیە؟
- بەڵێ، مدیر عامی دیوانیشە!
- رەقەمەکەم بۆ بنێرە بەیانی قسەیەکی لەگەڵ دەکەم...
رەقەمەکەم لۆی نارد، دوای چەند جارێك تێلیفۆن، بێ وەرام چاولەرێ مامەوە!

بوو بە ٢٠١٠/٩/٣٠ نەشتەرگەری برا بچووکەکەمان کرد، بێ هاوکاری و یارمەتی ئەولاو ئیملا! دکتۆرێکی رووسی لەو سەری دنیاوە هاتبوو، کە چاوی بە بارو دۆخەکە کەوت بڕیاریدا یەك دینار هەق دەستی خۆی وەرنەگرێ! بێ ئەوەی گرێیەك لەسەر دڵی هەر کەسێکمان بێڵتەوە گوتی:
- لەبەر ئەوەی ئەم نەشتەرگەریە زۆر سەختە، حەز دەکەم لە ئەستۆی من بێت، تەنانەت پارەی ماددەکانیش کە تیایدا

بەکاردێت (٧٦٠٠$) حەوت هەزارو شـەش سـەد دۆلارە(تەڵ و قالبی پلاسـتیکی) ئێوە نیوەی بدەن و نیوەشـی لەسەر من! لە کاتێکدا تەواوی نەشـتەرگەریەکە (٢٤٠٠٠$) بیست و چوار هەزار دۆلاری دەویسـت! بـە (٥٠٠٠$) پێنچ هەزار دۆلار سـەرکەوتووانە تەواوی کـرد، خوا پاداشـتی بداتەوە کە نەیهێشت دەسـت لەبەر حکومەت پان بکەینەوە! ئەگەرچی پانیشمان کردەوە، بەس خۆ منەتباریان نەبووین!

نزیکەی یەك مانگ بەسـەر ئەمـری دامەزراندنی ئەوجارەم رەتدەبوو، نۆ رۆژ بوو، نووسـراوەکەی مامۆستا (پاچیزە)م، لە ـ کن ـ مابۆوە، بڕیارمدا خۆم بچمە وەزارەت و تا مامۆستا لوتفی نەبینم نەگەڕێمـەوە! چووم، ئاخر کۆلانـی تابقی یەکەم ـ دەستە چەپ، ژوورەکەی مامۆستا (لوتفی)ە، وەزارەتی پەروەردە، ئەو چەند جـارەی من بۆی چووم، یەك چرکەش نەمدی، چۆڵ بێت، جار لەجار قەرەبارغتر! چوومە پێشـەوەو سـەلامێکم لە سـکرتێرەکە کرد، کە هەمیشـە قەمیسێکی (شین)ی، لەبەردایە!

ـ کوی برام؟

ـ دوای ٢ دەقە.. معامەلاتت لێرەیە؟

ـ نەوەلا، ئەوە لە دەستمدایە، دەمەوێ بچمە کن مامۆستا لوتفی!

ـ لێرە نییە، بڕۆ پرسگە دانیشە، کە هاتەوە گازت دەکەم!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبــێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# چاردە

کچێکی ناسك و جوان، باڵا ناوەند و سپی، (ت ـ شێرت) سوورو لەچکە کراوەکەی زێتر سەرەنج راکێشی کردبوو! پالی دابووە دیوار و لەگەر سکرتێرەکە تەنیا مێزێکیان نێوان بوو! لە شوێنی خۆم کشامەوەو سەرەنجێکم دا، رووی وەرگێرا! حەتمەن هەستی بە شتێك کرد! دوای یەك دەقە بە نیگایەکەوە لێمی روانی، ویستم هەر لەوێ بمێنمەوە، بەڵام باشتر بوو ئەوێش جێ بلێم، رۆشتم!

جەنابی سکرتێری مدیر عامی دیوانی وەزارەتی پەروەردە بەدەم رۆیشتنمەوە

گوتی:لە پرسگە چاوەڕێکە!
پرسگە، جمەی دەهات! زۆر چاوم گێڕا کەلێنێك ببینمەوە لێی دانیشم، فایدەی نەبوو! هاتمە دەرەوە و فکرم کردەوە سەردانێکی پەرلەمان بکەم، خۆ دەمێکە مامۆستا (کاروان)م، نەدیوە، تا مامۆستا لوتفی دەگرێتەوە، هەم زیارەت و هەم توجارەت! توجارەت!! دوو چۆلەکە بە بەردێك! کە بیناکەیان هەر لەو حەوشەیەی وەزارەتی پەروەردە بوو، سوڕامەوە، لە پرسگەی پەرلەمان نە ڕێیاندام و نە هێشتیان مناقەشەش بکەم!
گەرامەوە لۆ ـ کن ـ سکرتێری مدیر عام!
ـ کاکە دەمەوێ مامۆستا لوتفی ببینم!
ـ ئیشەکەت چییە؟
ـ دامەزراندنە، بەڵام ئەوە چەند جارە ئەولاو ئیملام پێ دەکەن، با خۆم بیبینم و قسەیەکی لەگەر بکەم!
ــ کا نووسراوەکەتم بدێ، ئەگەر پێویستی کرد، خۆی بانگت دەکا!
ـ کاکە جارەکانی دیکەش ئەوهاتان گوت، کەچی ئەو هەمووو بینەو بەردەیە، بە جیم دەگەیەنێ، دەبا خۆم ٢ دەقە بیبینم!
ـ ئەتو لەمن باشتر دەزانی ئیشەکان کوە، بەڵام هەر دەتەوێ ئیزعاجم بکەی، دەزانی دەتەوێ ئیزعاجم بکەی؟!
ـ ناوەڵا، مەبەستم ئەوە نییە، کاکە مادام داواکاریەك دەنووسم لەگەر نووسراوەکە لۆم ببە ژووری، لۆ ئەوەی ئزعاج نەبی!

ـ بینووسە!

لە کاغەزێك نووسیم:»بەڕێز مامۆستا لوتفی، ئەگەر بکرێت، دەمەوێ چەند دەقەیەك بتانبینم، بۆ هەندێك ڕوونکردنەوە لەبارەی دامەزراندنەکەم«.

بردیانە ژووری و هەر زوو بانگم کرا!

ـ سڵاو مامۆستا لوتفی!

ـ سڵاو!

ـ مامۆستا (ئەحمەد گەڵ) پەراوێزێکی بۆ نووسیبوون و لەسەر داوای ئەو نووسراوتان لۆ کردم کە ئەگەر پێویستیان بوو لە پەروەردەی گشتی دەوام بکەم، بەڵام پاکیزە خان پێویستی بە فەرمانبەر نییە، هەروەك لەو کاغەزی سەر نووسراوی جەنابتان نووسیویەتی!

ـ ئێ باشە بۆ نابی بە مامۆستا؟

ـ ناتوانم مامۆستایی بکەم، ئەگەرنا بە چاوان و زۆریش بە خۆشحالیەوە بە کارێکی پیرۆزی دەزانم!

ـ بۆ ناتوانی؟

ـ ڕۆژنامەنووسم و ئەرکی خێزانیشم لە ملدایە!

ـ ئێ مامۆستایی بکەو هەر بنووسە! منیش ئەمجارە یەك مەقالەتان لەسەر دەنووسم، ئەنگۆ (ڕۆژنامەنووسان) هەموو شتەکتان بە دلی خۆتان دەوێ!

ـ مەسەلەکە ئەوە نییە بە پلەی یەکەم، مەسەلەکە زۆرتر خێزانییە!

ـ بۆ لەم شارە بەس تۆ خێزانت هەیە؟ سەدان لە دەرەوەی شار

ماملۆستان و چ کێشەیان نییە!
ـ ماملۆستا گیان، من ژنم نەهێناوە، تا خەمی ئەوم بێت، مەبەستم لە خێزان، خوشــك و برای ورد و منــداڵ و تەلەبەیە، ئەرکی سەرپەرشتی و چاولێبوونیان گرنگە، پاشان ئەمن لە ٢٠٠٧ەوە ماملۆستایم بۆ کراوەو نەمکردووە، ئێستاش ئەگەر نامکەنە فەرمانبەر، پێم برێــن و مەمنوونتان دەبم ئەگەر ئەوەندە بینەو بەردەم پێ نەکەن، ماملۆســتایی ناکەم و ئــەوە بڕیارە داومە! ئیدی بۆ دەبێ ماندووم بکەن؟!
ـ وەلاهی ئەتو زۆر پیاوی دەزانی؟! ئی چیت دەوێ بیڵێ؟!
ـ فەرمانبەر!
ـ لەکوێ؟
ـ هەر کوێیەك بێت، گرنگ ئەوەیە فەرمانبەر!
لەسەر نووسراوەکە، نووسی: «ئەوەلیات» و گوتی:
ـ بــرۆ ئەوەلیاتی ئەو نووســراوە بێنــەوە، چوومە کن کاك (ئەرداش) خەریکی تێکردنی ـ چا ـ بوو، ئەوەلیاتی پێدامەوە، بردم و ماملۆستا لوتفی، لەسەری نووسی:
ـ بەڕێوەبەرایەتی گشــتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان، بۆ کاری پێویست
نووسراوەکەی دامەوەو گوتی:
ـ بــا فەرمانی پێ دەربکەن، بردمەوە لای کاك (ئەرداش) بێ سێ و دوو ئەمری دامەزراندنی لۆ دەرکردم و گوتی:
ـ بە شەرەفم شــازی جێگات بەقسمەت بووە! بەوە دلم خۆش بوو لۆیە گوتم:

ـ لەخوا بەزیاد بێت!

ـ بە (پێکەنینەوە) پیرۆزە!

دوای ئیمزای مدیر عام و وەزیر و ســـادیرە، رۆیشتم و وامزانی بەتەواوی وەزارەتم جێ هێشت!

بیر لەوە بکەوە: باوکت نەبێ، کوڕی گەورە بیت، خیندن تەواو بکەی، واسیتە بکەی، دانەمەزرێی!

# پازدە

فەرمانی دامەزراندنی –خۆم ـ بردە پاشکۆ!
بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بەرێکەوتم، هەتا شەهادەکەم کە ساری ٢٠٠٧ بردبوومە ئەوەێ بۆ معامەلاتی دامەزراندن، بیهێنمەوە، زۆر گەڕان، نەدیتراوە! کەوتەوە بەیانی!
هاوپۆلێکی زانکۆم لە تۆماری کۆلیژی زمان فەرمانبەر بوو، تێلیفۆنێکم لۆی کرد! تا بزانم بڕوانامەی دیکەم دەدەنێ، یان هەر دانەیەکە لەبەر گەندەلی و دوو- سێ دامەزراندن! گوتی:
ـــ دەبێ شەهادەکەی دیکە بینیەوە، یان

نووسراوێکی فەرمی بێنی کە بزریان کردووە!
رۆژی دواتر چوومەوە پەروەردەی گشتی، ناوەکەمیان لەهەموو کۆمپیوتەرەکانــدا نــەدۆزراوە، رەقــەم تەلەفۆنی مامۆســتا (جەوهەر ئەنوەر)ی خۆیەتی پەروەردەی گشــتیم وەرگرت، بۆ ئــەوەی جار جارە تلیفۆنی لۆ بکەم، یان کە دۆزیانەوە هەواڵم پێ بدەن، جار جارە زەنگێکم بۆ لێدەدا، هەر زوو دەیگۆ:
- جەرگۆ هێشتان نەمدیتیتەوە، ئەتو سبەینێ وەرە!
چەندان ســبەینە رۆیشــتم و فشــە بوو، هەتا ٦جاران ئەوجا دیتراوە کە ئەمری فەسلم لۆ دەرچوو بوو، کەچی ناوەکەم و موالیدەکەشم غەرەت بوون!
نوســخەیەك لــە ئەمری فەســلەکەیان دامــەوە، زۆرم داوای بڕوانامەکەم کرد، گوتیان:
- نابی و خەتەرە!
لە تۆمــاری کۆلیژی زمــان بە نووســراوێکی فەرمی داوای بڕوانامەکەیان کردەوە، ئینجا پێیاندامەوە!
شەهادەم وەرگرت و پشکنینی پزیشکیم کردوو و نفوس و جنسیەو بیتاقەی بایەعم کۆپی کردو دوو دانە رسمی خۆشم بە فایلەکە وەکرد لەگەر مسادەقەی مالی، نووسراوی دەست بەکاربوونیشــم لە فەرمانگەکەم هێناو تەســلیمی وەزارەتم کردو بووم بــە فەرمانبەری میری بە پلەی یاریدەدەری تێبینەر، بە موچەی ٤٠٨,٠٠٠ بەهەمووی!
شەوێك کە خەریکی ئاودیوکردنی چەرەزات بووم! تلیفۆنێکم لۆ هات و کە وەرامم داوە، دەنگێکی تێر گوتی:

ـ لە نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەت پەیوەندی دەکەم، جەنابتان (عەلی سدیق)ن!

ـ بەڵێ هەوە برام، فەرموو!

ــ کاکە ئەوە ئەمری دامەزراندنت دەرچووە، بە ژمارەی (١٣٠٧٢) برۆ وەزارەتی پەروەردەو معامەلات بکە!

ـ سپاس کاکە، ئەمن نزیکی مانگێکە دەوام دەکەم، ناوم هاتیتەوە لە ئەمرێکی دیکەو دامەزراوم!

ـ باشە برام پیرۆزت بێت، دیارە دووبارەیە ناوەکەت!

ـ وا پێدەچێ، حەتمەن هەر وایە!

دوای زەنگەکە پێکەنیم و بیرم لەوە دەکردەوە، چونکە ئێستا دامەزراوم لە شوێنی دیکەش ناوم دێتەوە، سەیرە، خۆ ئەگەر شەهادەیەکی (هین) لە تکریت و سامەرا بینم، مومکینە بتوانم ئەوجارەش دامەزرێم! زۆریش سەیرە!

هێندەی نەبرد، هەمان رەقەم زەنگی لێداوە!

ـ فەرموو برام؟

ـ ئەوە تەلەفۆنی فاتیمەیە؟!

ـ نەخێر برام هەو نییە، ئەمن (حەلی سدیق)م، کەمێك پێش ئێستا پەیوەندیتان کرد کە دامەزراوم!

ـ ئەها، ببورە! بەڵام بۆ رەقەمی تۆ بەرامبەر ئەو ناوە نووسراوە؟!

ـ نازانم، نا نا دەزانم، ببورە ئەوە ناوی فاتیمە بوو؟

ـ بەلێ برام ناوەکە تەواوە، دەیناسی؟

ـ بەرێ، بەرێ! ئەدی کو نایناسم! ئەوە کاتی خۆی لەگەر ناوەکەی خۆم ئەو ناوەشم نارد بوو، کچی پیاوێکی هەژارەو

گوتم ئەگەر پێتــان کرا ئەویش دابمەزرێنن، ســپاس خۆم خەبەریان دەدەمێ، دە باشــە برام رەقەمی ١٣٠٧٦ برگەی ٦ با بچێتە وەزارەتی تەربیە معامەلات بکات!

ـ گەلــەك مەمنوون برام! کەیف خۆش بووم، لە دامەزراندنی خۆم زێتر بەوەی توانیم ببمە واسیتەی دامەزراندنی کەسێکی دیکە! بێ گومان بە هەوڵ و قوەتی ئێوەیە!

ئەمڕۆ کە ئاخر دێڕی ئەو یاداشتانە دەنووسم، یەکەم مووچەی فەرمانبەریم وەرگرتیەو کردمە ســەدەقەی سەری هەموو ئەو کەسانەی بە وشــەیەك چاکە بێت یان خراپە لەو مەسەلەدا دواون! بەو هیوایەم تەمەن درێژ و لەش ســاغ بن بتوانن یارمەتی هەموو کەســێك بدەن و بــە وەزیفەی خۆیــان بزانن کاری مرۆڤ دۆســتانە پەشیمانی لەدوا نییە، حەتمەن کەسی مرۆڤ دۆســتیش ئەوەی لێ دەوەشــێتەوە! هیوادارم رۆژێك بێت بتوانم قەرزی چاکەکاران بدەمەوەو خوداش هەستی مرۆڤ دۆستانە بە هەموو لایەك ببەخشــێ و تواناو بەهرە لەهەر کەسێکدا دروســت بکات لۆ یارمەتــی ئەوانی دیکە، کە ســالەهایە خەریکی خیندن و پێگەیشــتنن، حەتمــەن ئەوانیش هیچیان لە خاوەن واسیتەکارەکان کەمتر نییە! تەنها واسیتە نەبێت!